کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
16-8-2007 2:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەرزی سووری بەستنی کۆنگرەکان ... عەلی مەحمود محەمەد

www. anfal. be
alimahmud2001@yahoo. com



لە کوردستان هەموو دیاردەیەك بە مۆدەیە، هەر لە سیاسەتەوە تاکو بەرگ پۆشین و ئۆتۆمۆبێل لێخوڕین و ڕەنگی خانوو.. لێرە من تەنها مەبەستم مۆدە سیاسییەکەیە، با چەند نموونەیەکی بچکۆلانەتان بۆ بهێنمەوە، سەردەمانێك ئەو پیاوە ماقولانەی کە ئێستا ناویان لێنراوە موستەشاری خائین و خۆفرۆش، کوڕە یەکە یەکە و تاکە تاکەی وڵات بوون و بە دەستە ژنیان پێدەبەخشرا، گەورەترین بەختدار ئەوکەسە بوو حیمایەتی ئەوانی بە قسمەت و نسیب بوایا، کەچی ئێستا ڕۆژگارێکە کون نییە خۆیانی تێبخەن و وڵات نییە سەری بۆ هەڵبگرن.

پاش ڕاپەڕین مۆدەی سیاسەتکردن لە کۆمیتە و ناوچەکردنەوەو بارەگا دانانەوە، هاتە سەر حیزب درووستکردن و بە دوایدا یەکگرتنەوە، لەگەڵ یەك لە دوو حیزبە گەورە دەسەڵاتدارە گومرگدارە دەوڵەمەندەکە، لە کوردستانی ئێمە بیروباوەڕ بە بێ پارەو دەسەڵات بە فلسێك قەڵب، ئەم کاسبی یەکگرتنەوەیە ئەوەی زوو لێی خوارد، ئێستا حیسابی حیمایەی مەتروکە و قافڵەی لەیلا عەلەوی و ژمارەی خانوو و عەددەی ژنی خۆی نازانێت، لە سیاسەتیش ئەوا پلەو پایەی سیاسەتمەداریان پێبڕدرا، هەیە لەوساکەوە تاکو ئێستاکە، بەمبەزمە لە هەردوولای خواردووە، جارێك بە یەکێتی چەپ لای مامە حەمی کرد، حەلێکی دی بە یەکێتی نەتەوەیی لای کاکە عافیەتی کرد، خۆشەویستان هەموو شتێك هەلی یەکەمە، ئەوەی زوو فریا بکەوێت لە پرێك دەبێت بە کورێك، ئەوەشی دوا بکەوێت وەك فلان جوامێر دەبێت لە ترسی قەرزاری ڕابکات و سەری خۆی هەڵبگرێت، کەچی مخابن ئێستا یەکگرتنەوە ئەوەندە سووك و ڕسواو چروك بووە، نەك بە مژدە بڵاوناکرێتەوە، بگرە بەلاغۆکەیەکی تایبەتی حیزبیشی لۆ دەرناکرێت.

ئاڵای شۆڕش و پارتی کار زۆرترین ئەزموونی شۆڕشگێرانەی کاری یەکگرتنەوەو نموونەی دەوڵەمەندی پڕ بەهایان لەم بوارە پێشکەشکرد، جارێك بە کاڵی جارێك بە کوڵاوی، جارێك بە کۆمەڵ جارێك بە تاك، جارێك بە چەپ، جارێك بە نەتەوەیی، جاری دی بە لیبراڵی، جارێك بە سۆسیالست خوازی، دواتر بە هەڵوێستی نیشتمانی خۆیان پێیدا کرد.

هەنووکە لەناو حیزبەکان، گفتوگۆ گەرمە، لەسەر بەستنی کۆنگرە، لەهەموو ڕۆژنامە و بارەگاکان مشتومڕ گەرمە، ڕمڵ لێدان و فاڵگرتنەوەیە بۆ سەرلەنوێ دەرچونەوە، چونکە ئێستا باشترین کاسبی لە کوردستان سیاسەتکردنە، بە وتەی بەرپرسانی ینك، لەم کۆنگرەیەی بەخێر و سەلامەت وا بەڕێوەیە، بە پێی زانیاری بڵاوکراوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان 15 سەرکردایەتی دادیشە کات، پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەندێك خانەنشین دەکات، هێشتا هیچ نەبووە هەر لە هەنووکەوە بەرپرسی لقی 16 ی پدك دەڵێت " مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی دەمێنێتەوە، کەسی تر نییە لەو زیاتر ئەو پۆستە وەربگرێت ". هەردوو سەرۆك وەك دەبینین هەر لە ئێستاوە، چەپڵەو هەلهەلەی گەرمیان، بۆ دەبارە بوونەوە بە سەرۆك لۆ ئامادەکراویە، هەرچەندە گومانم نییە، باسکردنی کورسییەکانیان گەورەترین بقەیە لەم وڵاتە.

نازانم کۆنگرەیەك لە پێناو چەپڵەدا بێت و هەر لە دەسپێکەوە ئەنجامی زانراو بێت، نهێنی بەستنی لە کوێدایە؟، سەرکردایەتییەکیش بۆ کۆبونەوەش بانگهێشتن نەکرێن هونەری دەرچوون و ئەندام بوون گۆڕینیان چییە!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.